گەرمیان ... بەهۆی 25 کارتۆن ڕۆنی ئۆتۆمبێل تۆمەتبارێک دەستگیر دەکرێت

ئەمڕۆ شەممە،پۆلیسی گەرمیان ڕایگەیاند، تۆمەتبارێکی دەستگیرکردووە کە هەڵساوە بە دزینی 25 کارتۆن ڕۆنی ئۆتۆمبێلی لە ناحییەی ڕزگاری و ویستویەتی لە ناوچەی پیشەسازی قەزای کەلار ساغی بکاتەوە.

عەقیدی عەلی جەمال قدوری، وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، دوای ئەوەی ئەمڕۆ هاوڵاتییەک پەیوەندی بە پۆلیسی 104ی کەلارەوە کرد و ئاگاداری کردنەوە لە حاڵەتێکی دزیکردن، دەستبەجێ مەفرەزەی پۆلیسی فریاکەوتن 104ــی کەلار چونە شوێنی ڕووداوەکە لەناوچەی پیشەسازی کەلار. ئاماژەی بەوەشکرد، هێزەکانی پۆلیس توانیان تۆمەتبار دەستگیربکەن کە ئۆتۆمبێلی جۆری بی ئێمی پێبووە و 25 کارتۆن ڕۆنی ئۆتۆمبێلی لە ناحییەی ڕزگاری دزیوە و ویستویەتی لە ناوچەی پیشەسازی قەزای کەلار ساغی بکاتەوە.

لە ڕاگەیاندراوەکەدا هاتووە، تۆمەتبارەکە دانی بەتاوانەکەدا ناوە و بە بڕیاری دادوەر و بەگوێرەی مادەی 446 لە یاسایی سزادانی عێراقی بەندکراوە.